# پەیامێک بۆ بانگخوازان

[ كردي – کوردی – kurdish ]

نووسینی

شێخ محمد بن صالح العثیمین

( ڕەحمەتی خوای لێ بێت )

وەرگێڕانی : بەشی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( رسالة إلى الدعاة )

« باللغة الكوردية »

محمد بن صالح العثيمين
"رحمه الله تعالى"

ترجمة: فريق القسم الكردي بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩
islamhouse.com

# پەیامێک بۆ بانگخوازان

**بسم الله الرحمن الرحيم**

الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ونتوب إليه، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا .. من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله صلى الله عليه وعلى آله وأصحابه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين وسلم تسليما .

أما بعد :

خوشک وبرایانی بەڕێز وخۆشەویست بانگەوازکردن بۆلای خوای گەورە ومیهرەبان پلە وپایەیەکی گەورە وبەرز وبەڕێزی هەیە لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا، چونکە کار وپیشەی پێغەمبەرانی خۆشەویستی خودا بووە ( عليهم السلام )، هەروەها هەموو خولیایەکی هەر چوار خەلیفە ڕاشیدیەکەی ئەم ئومەتە بووە ( خوایان لێ ڕازی بێت ) ئەوانەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بەجێ نشینی خۆی وەصف کردوون وچاکترین وباشترینی پیاوانی ئیسلام بوون، هەر بۆیە جێگای خۆشبەختیە بۆ ئێمەی باوەڕداریش ئەو مەشخەڵە پیرۆزە هەڵبگرین وبەشوێن پێی ئەواندا بڕۆین، تا بەیارمەتی خوای گەورە ئەو واجبەی لەسەرمانە بەرامبەر بە ئاینەکەمان جێ بەجێ بکەین بەو پەڕی دڵسۆزی ولێبڕان وئیخلاصەوە بۆ پەروەردگاری خۆشەویستمان، بەو هیوایەی بتوانین شوێن پێی پێغەمبەری ئازیزمان ( صلى الله عليه وسلم ) هەڵبگرین لەبانگەوازەکەیدا، وجێگای ڕەزامەندی خوای گەورەیش بێت إن شاء الله .

ئەم نامیلکەیەشم بۆ بەڕێزتان کردووە بەم چەند بەشەی خوارەوە :

**بەشـی یەکـەم** : واجـب بـوونی بانگـەواز بـۆلای خـوای گـەورە وڕوونکرنەوەی فەزڵەکەی .

**بەشـــی دووەم** : هۆکارەکـانی بانگـەواز بـۆلای خـوای گـەورە وچۆنیەی جێ بەجێکردنی .

**بەشی سێهەم** : زەمینەکانی بانگەوازکردن بۆلای خوای گەورە .

**بەشـــی چـــوارەم** : ئـەو ڕەوشـت وصـیفاتانەی کـە پێویسـتە لەبانگخوازدا هەبن .

**بەشی پێنجەم** : هۆکارەکانی سەرکەوتنی بانگەواز .

## بەشی یەکەم

## واجب بوونی بانگەواز بۆلای خوای گەورە فەزڵەکەی

بانگـەواز بـۆ لای خـوای گـەورە، بانگـەوازە بـۆ خـەیر وخۆشـی دونیـا ودوارۆژ، بانگـــەوازە بـــۆ لای دادپـــەروەری وچاکـــەخوازی وچاکســـازی، بانگەوازێکی وایە کە جێگای ڕەزامەندی فیترەتی سەلیمی هەموو مرۆڤێکی ژیر وخاوەن هۆش ودەروون پاکە .

ئـەویش بانگـەواز کردنـە بـۆ باوەڕهێنـان بـەخوای گـەورەی تـاک وتـەنها، بانگـەواز کردنـە بـۆ بیروبـاوەڕێکی سـاغ ودروسـتی وا کەمایـەی سـوکنایی وئیطمئنانی دڵ ودەروونی هەموو مرۆڤایەتیە، بانگەواز کردنە بۆ یەکتاپەرستی خوای گەورە لـە پەروەردگاریـەتی وپەرستراویەتی ونـاو وصـیفاتە جوانـەکانی ئەو زاتە پیرۆزە .

بانگەوازە بۆ باوەڕێک بەوەی ئەو خودایەی ناوی ( الله ) یە پەروەردگاری تاک وتەنهایە وهیچ هـاوەڵێکی نیـە، هـەر ئـەوە خـالق ودروستکەری بوونـەوەر وتـەواوی مـەخلوقات بـە فـەرمان وتـەکبیری ئـەو دەچێت بـەڕێوە، بەشـێوەیەک کەس ناتوانێت دەست بخاتە کاروبارەکانیەوە، وەهیچ ڕێگرێکیش نیە لەبەردەم جێ بەجێکردنی فەرمانەکانیدا، باوەڕێکی بەم شێوەیە خاوەنەکەی وا لێ دەکات کـە دڵـێ وابەسـتەی هـیچ کەسـێک نـەکات جگـە لەپـەروەردگاری باڵادەسـتی، بەشێوەیەک هـەموو ترس وئومێد وپشت بەستن وتـەوەکولێکی هـەر بـەخوای گەورە بێت وبێنیاز بێت لەتەواوی مەخلوقات .

بانگەواز کـردن بـۆ ئـاینی پیـرۆزی ئیسـلام بانگـەوازە بـۆ لای بیروباوەڕێک کەجگـە لـەخوای گـەورە کـەس مـافی ئـەوەی نیـە ببێـت بـە دادوەری نێـوان

بەندەکانی خوا، بەمەش باوەڕدار وایَ لێدێت کە بۆ چارەسەرکردنی کێشـەکانی نێوان خۆی وخەڵکی تەنها هانا بۆلای شـەریعەتی پـەروەردگاری بـەرێت، وواز بهێنێت لەهـەموو حوکمێک کە پێچەوانـەی شـەرعـی خـوا بێت، چونکە هـەموو حوکمێک جگە لە حـوکمی پـەروەردگاری خـاوەنی زەوی وئاسـمان وبوونـەوەر مایەی سەرلێشێوان وگومڕاییە، خوای گەورەش دەفەرموێت : ( **ومن أحسـن من الله حكْما لقَومٍ يوقنونَ** ) **[ المائدة : ٥٠ ] .**

واتـە : کێ هەیـە بەئەندازەی خـوای گـەورە حـوکمی جـوان وچـاک وبـەجێ بێت، ( بەتایبـەت ) لای ئـەو کەسـانەی کـە بـەووردیی سـەرنج دەدەن وویـژدان وهەستی زیندوویان هەیە .

بەڵێ بەم یەقینەیان کەباوەڕەکەیان بۆی دروستکردوون بەهەموو شێوەیەک گوێڕایەڵی حوکمەکانی پـەروەردگارن وبەئەنـدازەی تۆزقاڵێک لێـی لانـادەن، جـا چـی لەگـەڵ حـەزو ئارەزووەکانیـان پێـک بێنـەوە یـان پێـک نەیەنـەوە، هـەروەها بـاوەڕداری ڕاسـتەقینە ڕەوشـتی وایـە کـە بەهـەموو شـێوەیەک تەسـلیمی قـەزا وقەدەری خوا دەبێت بەبێ هیچ چەن وچوون ودوو دڵیـەک، ( **أَفَغير دينِ الله يبغونَ وله أسلم من في السماوات والأرض طَوعا وكَرها وإليه يرجعونَ** ) **[ آل عمران : ٨٣ ] .**

واتـە : ئایـا ئەوانـە بێجگـە لـەئاینی خـوا ئـاینێکی تریـان دەوێـت؟! لەکاتێکدا کەهەرچی لەئاسمانەکان وزەویدایە بەڕەزامەندیی بێت یان بـەناچاری تەسـلیم وملکەچی پەروەردگارن، هەموانیش هەر بۆلای ئەو دەگەڕێنرێنەوە .

بـەڵێ : بانگـەوازکردن بـۆلای خـوا، بانگـەواز کردنـە بـۆ یەکتاپەرسـتی زاتـی حەق تعالی بەدڵێکی پڕ لەیەقین، بەشێوەیەک هـیچ کـەس شـایانی ئـەو پەرسـتنە نیە جگە لە ( الله جل جلاله )، نە پێغەمبەران نە پیاوچاکان نە هیچ کەسێکی تـر زینـدوو بێـت یـان مـردوو، چونکـە تـەنها خـوای گـەورە وبەدەسـەڵات وخـالق

ودروستکەری بوونەوەرە، هەر دەبێت ئەویش بپەرسترێت بەتاک وتەنها وکەس نەکرێت بەهاوەڵ وشەریکی .

بانگەواز کردن بۆ لای خوا، مانای ئەوەیە باوەڕی تەواوت هەبێت کە خوای گەورە خاوەنی کۆمەڵێک ناو وصیفاتی پیرۆزە، کە لە قورئان وسوننەتی پێغەمبەردا ( صلى الله عليه وسلم ) هاتوون، وە هەر هەمووشیان صیفاتی حەقیقین ثابت بوون بۆپەروەردگار بەشێوەیەک کە شایستەی ئەو زاتە پیرۆزەن، بەبێ هیچ تەحریف ( لادان ) یک یان تەعطیلێک یان تەکییفێک ( گونجاندن ) یان تەمثیلێک ( وەک ئەوبوون )، **( ليس كمثله شيءٌ وهو السميع البصير ) [ الشورى :١١ ] .**

واتە : هیچ شتێک نیە لەوێنەی ئەو زاتە، هیچ شتێک لە ئەوناچێت ( چونکە خوایە وبەدیهێنەرە چۆن لە بەدیهێنراوەکانی دەچێت ) هەر ئەویش بیسەر وبینایە .

بانگەوازکردن بۆلای خوا، بانگەوازکردنە بۆ سەر ڕێگای ڕاست، ڕێگای ئەو کەسانەی کە خوای گەورە ناز ونیعمەتی خۆی بەسەردا ڕشتوون لە پێغەمبەران وڕاستگۆیان وشەهیدان وپیاوچاکان، ئەو ڕێگا ڕاستەی دیاری کردوە بۆ بەندەکانی کە چاکسازی کاروبارەکانی دین وژینیانە، بەم شوێن کەوتنەی ڕێبازی ڕاستەقینەی خوای گەورەش هەموو ڕێگایەک دەگیرێت لەکەسانی گومڕاو سەر لێشێواو کەخەریکی داهێنانی بێ بەڵگەن لەئاینی ئیسلامدا کەبوونەتە هۆی سەر لێشواندنی کەسانی تریش، بەشێوەیەک شوێن هەواو ئارەزووی خۆیان کەوتوون ووازیان هێناوە لە ڕێنومایەکانی پێغەمبەری ئیسلام ( صلى الله عليه وسلم ) **( وأن هذا صراطي مستقيما فاتبعوه ولا تتبعوا السبل فتفرق بكم عن سبيله ذلكم وصاكم به لعلكم تتقون ) [ الانعام : ١٥٣ ] .**

واته : بێگومان ئەمەی کەباسکرا ڕێبازی منه که ڕێک وڕاسته ( وهیچ خوار وخێچیەکی تێدا نیە ) ئێوەش شوێنی بکەون، وه شوێنی هیچ ڕێچکە وڕێبازێکی تر نەکەون، چونکه دوورتان دەخاتەوه لە ڕێبازی خوا، ئەوەش پەروەردگارتان فەرمانی پێ کردوون، بۆ ئەوەی خواناس وپارێزکاربن .

لەگەڵ ئەوەشدا پەروەردگار فەرمانی کردووه بەباوەڕداران ئاینەکەی ئەو جێ بەجێ بکەن وجیاوازی نەخەنه نێوانیانەوه تێیدا، ( **شرع لكُم من الدين ما وصى به نوحا والذي أوحينا إليك وما وصينا به إبراهيم وموسى وعيسى أنْ أقيموا الدين ولا تتفرّقُوا فيه ) [ الشورى : ١٣ ] .**

واته : خوای گەوره ڕێبازی ئاین وبەرنامەی ژیانی بۆ داناون، ئەوەی که فەرمانی پێکردووه به نوح هەر بەو شێوەیه قورئانیشی بۆ تۆ ئەی موحەمەد ( صلى الله عليه وسلم ) وەحی ونیگا کردووه، و بەئیبراهیم وموسا وعیساشمان ڕاگەیاندووه که ڕێبازی ئاین ویەکخواناسی بەرنەدەن ولەسەری پایەدار بن وجیاوازیان تێ نەکەوێت.

بانگەواز بۆ لای خوا، بانگەوازه بۆ ڕەوشت وبەها وئاکاری جوان، بانگەوازه بۆ لای پاراستنی مافەکان وجێ بەجێکردنی دادپەروەری لەنێوان خەڵکیدا بەشێوەیەک هەموو کەس مافی خۆی بدرێتێ ولەو جێگایه دابنرێت که شایستەیەتی، بەمەش ئەو برایەتی بەدی دێت لەنێوان باوەڕداراندا که خوای گەوره فەرمانی پێ کردووه، هەروەها ئاسایش وئارامیەکی تەواو وسیستەمێکی گشتگیر لەچوار چێوەی شەریعەتی ئیسلام بەرقەرار دەبێت لە نێو کۆمەڵگادا، لەبەرامبەریشدا هەرچی ڕەوشتی خراپ وزشت هەیه لەناو دەچێت وپێگەیەک نامێنێت بۆ یاسا دەسکردەکانی دەستی مرۆڤ وبیروباوەڕە پوچ وبەتاڵەکانی خەیاڵاتی هزری ئادەمیزاد، که دەیانەوێت بیکەن بەبەربەستێک

لە ڕێگای بڵاوبوونەوەی بانگەوازی ئیسلام.

هـەر لەبـەر ئـەم هۆکارانـە ودوو هێنـدە وسـێ هێنـدەی تـریش لەبەدەست هێنانی بەرژەوەندیە باڵاکان ووەلاوە نانی خراپە وخراپەکاری ( جلب المصالح ودرء المفاسـد ) لـەنێو کۆمـەڵگادا، بانگـەواز کـردن بـۆلای خـوا پلەوپایەیـەکی مـەزنی پێـدراوە لـە ئیسـلامدا، وە ئـەو کەسانەشـی پێـی هەڵدەسـتن بونەتـە میراتگـری پێغەمبـەرە بـەڕێزەکان ( علـیهم السـلام )، وە سـەبارەت بـە فـەزڵ وپلەوپایـەی بانگـەوازیش کۆمـەڵێکی زۆر دەقـی قورئـان وسـوننەت هـاتوون کـە ئەم ڕاستیە دەسەلمێنن وپێداگری دەکەن لەسەری :

خوای گەورە پە پێغەمبەرەکەی ( صلی الله علیه وسلم ) دەفـەرموێت : (**لكُلِّ أمة جعلْنا منسكًا هم ناسكُوه فَلَا ينازعنك في الْأمر وادع إِلَى ربك إِنك لَعلَى هدى مسـتقيمٍ** ) [ **الحج : ٦٧** ] .

واتە : بۆ هـەر میللـەتێک بەرنامـە وپرۆگرامێکمـان دیـاری کـردووە پـەیڕەوی دەکـەن ولەسـەری دەڕۆن ( بـەگوێرەی کـات وشـوێن وبارودۆخیـان، ئـەم بەرنامەیەشـمان نـاردووە بـۆ هـەتا هـەتایی ) کەواتـە بـا خـاوەن ئاینـەکانی تـر نەیکەنە کێشە وئاژاوە لەگەڵتدا لەبارەی ئەم ئاینەوە، ئەی موحەمەد ( صلی اللـه علیـە وسـلم ) بـەردەوام بانگـەوازی خـەڵکی بکـە بـۆلای پـەروەردگـارت چونکـە بەڕاستی تۆ لەسەر ڕێگەو ڕێبازو هیدایەتێکی ڕاست ودروستیت .

هەروەها دەفەرموێت : (**ولَا يصدنك عن آيات الله بعد إِذْ أُنزِلَت إِلَيك وادع إِلَى ربـك ولَا تكُونن من الْمشركين** )[ **القصص : ٨٧** ] .

واتـە : بـا بێبـاوەڕان بـەرگریت نەکـەن لەگەیانـدنی ئایەتـەکانی خـوا، دوای ئـەوەی کـە بـۆ تـۆ دابـەزێنراوە، هەمیشـە بانگـەواز بکـە بـۆلای پـەروەردگارت، وەهەرگیز نەکەیت خۆت بخەیتە ڕیزی هاوەڵ پەیداکەرانەوە بۆ خوا .

لەجێگایەکی تردا دەفەرموێت:﴿ **ولتكن منكم أمةٌ يدعونَ إلى الخير ويأمرونَ بالمعروف وينهونَ عن المنكر وأولئك هم المفلحونَ (١٠٤) ولا تكونوا كالذين تفرقوا واختلفوا من بعد ما جاءهم البينات وأولئك لهم عذاب عظيم﴾ [ آل عمران : ١٠٤-١٠٥ ].**

واتە : پێویستە لە ئێوە کۆمەڵێک پێک بێت، یان بەهەمووتانەوە کۆمەڵێک بن، کەبانگەواز بکەن بۆ خێر وچاکە، فەرمان بکەن بەهەموو کارێکی چاک ودروست، وەقەدەغەی هەموو کارێکی خراپ ونادروست بکەن، بەڕاستی ئەوانەن سەرفراز (١٠٤) نەکەن وەک ئەو کەسانە بن کەناکۆکی ودووبەرەکیان لەناودا بەرپابوو ولەیەکتر دابڕان، دوای ئەوەی ئەو هەموو بەڵگە ونیشانە ڕوونەیان بۆ هاتبوو( کەمەبەست پێی گاور وجولەکەکانە ) ئائەوانە سزایەکی سەخت چاوەڕێیانە(١٠٥) .

پەروەردگار دیسان لەوەصفی بانگخوازانی ئاینەکەیدا دەفەرموێت: ﴿**ومن أحسن قولا ممن دعا إلى الله وعملَ صالحا وقالَ إنني من المسلمين** ﴾[ **فصلت:٣٣**].

واتە : جا کێ لەو کەسە جوان گوفتار تروقسەی بەجێ ترە کە بانگەوازی کردووە بۆلای خوا، کاروکردەوەی چاکیشی ئەنجام داوە، وە ووتوشیەتی : بەڕاستی من لەڕیزی موسڵمانانندام .

لە صەحیحی بوخاری وموسلیمدا هاتووە کە ابن عباس ( ڕەزای خوای لێ بێت ) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) موعاذی کوڕی جەبەلی نارد بۆ یەمەن وفەرمانی پێکرد کە بانگیان بکات بۆ ئیسلام وبەجێهێنانی نوێژەکان ودەرکردنی زەکات لەماڵ وسامان ودارایییان .

هەروەها سەهلی کوڕی سەعد ( خوای لێ ڕازێ بێت ) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) لە ڕۆژی خەیبەردا فەرمووی بە عەلی کوڕی ئەبی طالب ( خوای لێ ڕازی بێت ) " أنفذ على رسلك حتى تنزل

بساحتهم، ثم ادعهم إلى الإسلام وأخبرهم بما يجب عليهم من حق الله تعالى فيهم، فو الله لإن يهدي الله بك رجلاً واحداً خير لك من حمر النعم " **[ متفق عليه ].**

واتە : فەرمان بکە بە نێرراوەکەت کە داببەزێتە گۆڕەپانەکەیان وپاشان بانگیان بکات بۆ ئیسلام، وە ئەوەی لەسەریان فەرز وواجبە لە مافەکانی خوا پێیان ڕابگەیەنێت، سوێند بێت بەخوا ئەگەر بێتو لەسەر دەستی تۆ یەک کەس هیدایەت بدرێت چاکتر وباشترە لای خوای گەورە لە بەخشینی گەلە ووشترێکی سوور لە پێناوی خوادا .

تەمیمی کوڕی ئەوسی داری ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی:(( الدين النصيحة) قلنا لمن يا رسول الله ؟ قال: " لله ولكتابه ولرسوله ولأئمة المسلمين وعامتهم")) **[ رواه مسلم ] .**

واتە : ئاینی پیرۆزی ئیسلام بریتی یە لە ئامۆژگاری ، تەمیم دەڵێ ووتمان : ئامۆژگاری بۆ کێ ئەی پێغەمبەری خوا ؟ ئەویش فەرمووی: " ئامۆژگاری بۆ خوا وکتێبەکەی خوا وپێغەمبەرەکەی وپێشەوای موسڵمانان وسەرجەم موسڵمانانیش بەگشتی .

جا ئامۆژگاری بۆ خوا واتە : بەجێهێنانی فەرمانەکانی ودوورکەوتنەوە لەقەدەغە کراوەکانی، وە ئامۆژگاری بۆ کتێبەکەی خوا : واتە بەڕاست زانینی وباوەڕ بوون بەوەشی تێیدا هاتووە، وە ئامۆژگاری بۆ پێغەمبەری خوا واتە : خۆشوویستنی وشوێن پێ هەڵگرتنی لەتەواوی کاروبارەکانتدا، وە ئامۆژگاری بۆ پێشەوای موسڵمانایش بەو مانایە دێت : کە پاڵپشت وکۆمەکیان بیت لەخۆش وناخۆشیدا وگوێڕایەڵیان بیت لەو فەرمانانەی کە طاعەتی خودان ومەعصیەت نین، ئامۆژگاریشیان بکەیت بەطاعەتی خوا ودوور کەوتنەوە لە

تاوان وخراپەکاری بەڵام نابێت بە ئاشکرا ئامۆژگاری کاربەدست وپێشەوای موسڵمانان بکرێت، چونکە ئەبێت بەهۆی هاندانی خەڵکی ورەعیەت لێیان وئەو کاتەش هەیبەتیان نامێنێت لایان، ئامۆژگاری بۆ تەواوی خەڵکیش بەوە دەبێت هاریکاریان بیت لە ئیشو کاری خێردا ودەستیان بگریت لەکاتی خراپە وتاواندا وهەمیشە هاندەری چاکەکاران بیت لەسەر کاری چاکەیان وسەرزەنشتی بێگوێ وخراپەکارانیشیان بیت، ئەگەر بەم شێوەیە بوو ئەو کاتە خەڵکی چاوەڕوانی ڕەحمەتی خوای گەورە بکەن، وەگەر نا ئەگەر بێتو پرۆسەی فەرمان بەچاکە وقەدەغە لەخراپە لەناو ئومەتی ئیسلامدا نەما ، خوا پەنامان بدات دەبێت چاوەڕوانی سزا وغەزەبی پەروەردگار بین، بەشێوەیەک هەموو لایەک دەگرێتەوە وکەسانی چاکیش لەگەڵیان دەسوتێن، چونکە هەڵنەساون بەکاری فەرمان بەچاکە وقەدەغە لەخراپە ( وەرگێڕ ) .

هەر سەبارەت بە فەزڵی بانگەواز بۆلای خوا، پێغەمبەری ئازیزمان ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : " من دعا إلي الهدى كان له من الأجر مثل أجور من تبعه لا ينقص ذلك من أجورهم شيئا، ومن دعا الى ضلالة كان عليه من الإثم مثل آثام من اتبعه، ولا ينقص ذلك من آثامهم شيئا " [ رواه مسلم ] .

واتە : هەرکەس بانگەوازی خەڵکی بکات بۆ هیدایەت وخواناسی، ئەوە پاداشتی ئەو کەسانەی بۆ دەنوسرێت کە شوێن ئەم کەوتون بەبێ ئەوەی لە ئەجر وپاداشتی ئەوانیش هیچ کەم بکات، وەهەرکەسیش ( خوا پەنا بدات ) بانگەوازی خەڵکی بکات بۆ گومڕایی وسەرلێشێواوی ئەوە تاوانی هەموو ئەوانەی بۆ دەنوسرێت کە شوێن ئەم کەوتون بەبێ ئەوەی هیچ لە تاوان وسزای ئەوانیش کەم بکات .

هەموو ئەم ئایەت وفەرمودانەی کەئاماژەمان پێدا بەڵگە ودەلیلن لەسەر

واجب بوونی بانگەواز بۆلای خوای گەورە وئاینی پیرۆزی ئیسلام کە دەبێت بەهۆی گەیاندن وبڵاوکردنەوە وپاراستنی شەریعەتی خوای گەورە، وە بەدەست هێنانی تەواوی ئەو بەرژەوەندیانەی کە پێویستن بۆ ژیانی مرۆڤایەتی ودوارۆژیان، بەمەرجێک ئەگەر هاتوو ڕەزامەندییان دەربڕی لەسەر پێشوازی کردنی بانگەوازی بەرزو پیرۆزی پەروەردگاری خاوەن دەسەڵات وبەتوانا، وەئەگەر پێشوازیشیان لێ نەکرد ئەوە خوای گەورە پەنامان بدات خەسارۆ مەندی دونیا ودوارۆژیش دەبن .

## بەشی دووەم

## هۆکارەکانی بانگەواز بۆلای خوای گەورە

مەبەستم لە هۆکارەکانی بانگەواز ئەو ڕێگایانەیە کە بەهۆیەوە بانگخواز دەتوانێت بانگەوازەکەی بگەیەنێت بەو کەسانەی کەمەبەستیەتی، ئەمانەش سێ جۆرن، وهەرجۆرەش تایبەتمەندی خۆی هەیە :-

**جۆری یەکەم** : ئەوەیە کە کەسی بانگخواز ڕاستەوخۆ وڕووبەڕوو لەگەڵ ئەو کەسەدا دابنیشێت کە دەیەوێت بانگی بکات وپەیامەکەی خۆی پێ بگەیەنێت، تاوەکو ڕاستی ودروستی وفەزڵەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامی بۆ ڕوون بکاتەوە وبیخاتە بەردەستی، تایبەتمەندی ئەم جۆرەی بانگەواز لەوەدایە کە بانگخواز دەزانێت ئایا ئەو کەسە تاچەند ئامادەی تێدایە بۆ وەرگرتن وڕازیبوون بە پێشنیارەکانی وتا چ ئەندازەیەک دڵ ودەروونی خۆی بۆ کردوەتەوە، چونکە لەدوو توێی قسەکانی کەسی بەرامبەردا بانگخواز دەزانێت ووتەکانی کاریگەریان تا چ ئاستێک بووە، وە جێگای ئەوەشە گەر ئەو کەسە هەندێک گومان و دوو دڵی بۆ پەیدا بووبێت بە ووتوو وێژو وڕاگۆڕینەوە ئەو گومانانە نەهێڵرێت وقەناعەتی پێ بکرێت تاوەکو ئامادەی دەربڕێت بۆ وەرگرتنی بانگەوازەکە وئەویش ببێت بەکەسێکی سوودمەند وبەکەڵک وپشتگیر بۆ کارەکەیان .

**جۆری دووەم** : ووتو وێژکردنی ناڕاستەوخۆ، وەک ئەوەی ئێستا دەکرێت بەهۆی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی وەک ڕادیۆ وتەلەفزیۆنەوە، تایبەتمەندی ئەم جۆرەش ئەوەیە کەسانێکی زۆر تر وزیاتر گوێ بیستی دەبن وخۆشیان دەکەن بەهەموو ماڵێکدا، وە خۆیان دەگەیەنن بە و جێگا وشوێنانەی کە مرۆڤ

ناتوانێت بەشێوەی ڕاستەخۆ قسەیان تێدا بکات یان پێیان بگات .

**جۆری سێهەم** : بانگەوازکردن بۆ لای خوای گەورە بە نووسین، ئەویش لەڕێگای دانانی کتێب وبڵاوکردنەوەی مەقالە ووتار لە گۆڤار ورۆژنامە وسایتەکانی ئینتەرنێت وهەڵواسینی لافتەی بەسوود لەچەند جێگایەکی شیاودا، تایبەتمەندی ئەم جۆرەش لەوەدایە ئەگەر هاتوو خوێنەر بەجارێک فەهمی بابەتەکەی نەکرد، ئەوا دەتوانێت بەزیاتر لەجارێک بیخوێنێتەوە تاوەکو تێی دەگات ولەسوودەکانی بەهرەمەند دەبێت .

بەڵام چۆنەیتی بانگەوازکردن بۆلای خوای گەورە، لەڕووی چۆنێتی قسەکردن لەگەڵ کەسی بەرامبەردا، لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازی هەیە، ئەمەش لەسێ حاڵەتدا خۆی دەبینێتەوە :

**حاڵەتی یەکەم** : ئەگەر هاتوو کەسی بەرامبەر حەز وئارەزووی لەسەر خێر وتێگەشتن لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەبوو، بەڵام دەبینیت کە هەق وراستیەکانی لا ڕوون وئاشکرا نیە، ئەم کەسە تەنها ئەوەندەی بەسە کەبانگەوازی بکەیت وتێی بگەیەنیت کەخوای گەورە فەرمانی بەچی کردووە، تاوەکو ئەنجامیان بدات، وقەدەغەشی لەچی کردووە تاوەکو خۆیانی لێ بپارێزێت ونەیانکات، ئەم کەسەش لەبەر ئەوەی کە خۆی حەز وئارەزووی خێری تێدایە زۆر بەخێرا پێشوازی لێدەکات وگوێڕایەڵی دەبێت .

**حاڵەتی دووەم** : ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی دەتەوێت بانگەوازی بکەیت لەو کەسانە بوو کە تەمەڵ وتەوەزەل ودوو دڵ خەمسار بوو بەرامبەر بە خێر وچاکە، یان حەز وئارەزووی لەسەر خراپە هەبوو، ئەم جۆرە کەسانە تەنها بەوەندە بەس نیە کە بانگەوازی بکەیت، بەڵکو دەبێت ئامۆژگاری خێر وچاکەشی لەگەڵدا بێت وهانی بدەیت بۆ نزیک بوونەوە لە چاکە وچاکەکاری

وئەوەشـی بـۆ ڕوون بکەیتـەوە کـە پاشـەڕۆژی چاکـەخوازان بەهەشـتی هـەتا هـەتایی ودوور بوونـە لـە ئـاگری دۆزەخ، هـەروەها ئامۆژگـاری چـاکی بکـەیت بەشـێوەی ئـەوەی کـە بیترسـێنیت بەسـزای سـەختی پـەروەردگار لـە دونیـا ودوارۆژیشدا، وەلەم بارەیەشەوە هەندێکی نموونەی زیندووی ناو قورئـانی بـۆ بهێنیتەوە کە خوای گەورە لەئەنجامی خراپەکاری ودوور لەخودایی چی هێناوە بەسەر گەل وئوممەتانی پێشوودا لەسزادانیان بـە بوومەلـەرزە ولافـاو ڕەشـەبا وغەرق بوونیان لە ئاودا، هـەروەک خـوای گـەور دەفـەرموێت :{ **ثُم كَانَ عاقبـةَ الذين أساءُوا السوأى أنْ كذبوا بِآيات الله وكانوا بِها يستهزئُونَ** } [ الروم : ١٠ ] .

واته : پاشان ئـەو تیـاچوون ولەناوبردنـەی ( گـەلانی پێشـوو ) سـەرەنجامی ئەوانە بوو کە تاوان وگوناهیان کرد، چونکە ئەوانە بڕوایان بـە ئایـەت وبەڵگـەو نیشانەکان وفەرمانەکانی خوا نەهێنا وگاڵتەیان پێ دەکرد .

**حاڵەتی سێهەم** : خۆ ئەگـەر هـاتوو کەسـی بـانگکراو یـەکێک بـوو هەمیشـە پشتی لە خێر وچاکەکردن دەکرد وحەزی پێی نـەبوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا گـەرمی وگوڕیەکی تێدا بوو لەسەر کاری خراپە وخراپـەکاری وهـانی کەسـانی تریشـی دەدا بـۆی، ئـەم جـۆرە کەسـانە تـەنها ئەوەدنـە بـەس نیـە بانگیـان بکـەیت وئامۆژگـاری خێـر وچاکـەیان بکـەیت، بـەڵکو لەگـەڵ ئەمانەشـدا پێویسـتە بەجوانترین شێوە گفتوگۆیەکی هێمنانە ولەسەر خۆی لەگەڵدا بکەیت وتـاوەکو ڕاستیەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامی بۆ ڕوون دەکەیتەوە وهەموو بەڵگـە وبـڕو بیانوە ناڕاستەکانی خۆی لا بەتاڵ دەکەیتەوە، ئەوەشی باسمان کرد لەهەر سێ شـێواز وحاڵەتەکە خـوای گـەورە لـە قورئـانی پیـرۆزدا لـە ئایەتێکدا هـەموویانی کۆکردوەتەوە، وەک دەفـەرموێت : { **ادع إلى سبيل ربـك بِالحكمـة والموعظـة الحسنة وجادلْهم بِالتي هي أحسن إن ربك هو أعلم بِمن ضل عن سبِيله وهـو أعلـم**

**بِالْمهتدين }** **[ النحل : ١٢٥ ] .**

واتـه : ئـەی پێغەمبـەر ( صـلى اللـه عليـه وسـلم ) ئـەی ئیمانـداران بانگـەواز بکەن بۆلای بەرنامە ورێبازی پەروەردگارت بەحیکمـەت ودانـایی ( بـۆ هەنـدێک لەخـەڵکی )، وە بـەئامۆژگاری جـوان وشـیرن وبـەحێ ( بـۆ هەنـدێکی تـر )، وگفتوگـۆ ومجادەلـە بـەجوانترین شـێوە وشـێواز ( لەگـەڵ هەنـدێکی تـردا بـەتایبەت خـاوەن کتێبە ئاسمانی‌یەکان )، چونکە بەڕاستی پـەروەردگارت هـەر خۆی زانایە کە کێ گومڕا وسەر لێشێواوە، وەهەر خۆشی زانایە بەو کەسانەی کە هیدایەتی ئەو وەردەگرن .

شێخ الإسلام ابن تەیمیە ( ڕەحمەتی خوای لـێ بێت ) دەڵێت : خـەڵکی سـێ جۆرن : یان ئەوانەن دان دەنێن بەهەق وڕاستیدا وشوێنی دەکەون ئەمانـە ئـەو کەسانەن کە حیکمـەتیان هەیـە، یان ئەوەیە دان دەنێن بەهـەق وڕاسـتیدا بـەڵام کاری پێ ناکەن، ئەمانە دەبێت ئامۆژگاری بکرێن تاوەکو کاریشی پێدەکەن، وە یـان ئەوەیـە بـەهیچ شێـوەیەک دان نـانێت بەهـەق وڕاسـتـیدا، ئـەم جـۆرە کـەسانە دەبێـت بـە شێـوازێکی جـوان گفتوگـۆ وموجـادەلەیان لەگەڵـدا بکـرێت، چونکـە موجادەلـە ئەگـەر بەشـێوازی جـوان نـەبێت سەردەکێشـێت بـۆ تووڕەبوون وتێکچوونی باری دەروونی، بەڵام ئەگەر بەشێوازێکی جوان بـوو ئەو کاتـە ئومێـدی ئەوەی لێدەکـرێت کـە سـوودمەند بێت [ مجمـوع الفتـاوى : ٤٥/٢ ] .

جا ئەگەر ئەو کەسـەی بانگی دەکەیت بۆلای خوای گەورە کە زانیت گفتوگۆ وموجادەلـەی جـوان کـەڵکی هەیـە لەگەڵیـدا ئـەوە بـەردەوام دەبیـت تـاوەکو هەقوڕاستی بۆ ڕوون دەبێتەوە وشوێنی دەکەوێت، وە گەرنا ئـەو کاتـە حاڵـەتی چوارەمی لەگەڵدا دەگریتەبەر .

حاڵەتی چوارەم : ئەویش ئەو حاڵەتەیە کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێکردووە، وەک دەفەرموێت : **{ولا تجادلوا أهلَ الكتابِ إلا بـالتي هـي أحسن إلا الذين ظلموا منهم ...} [ العنكبوت : ٤٦ ] .**

واتە : گفتوگۆ وموجادەلە مەکەن لەگەڵ خاوەنی کتێبە ئاسمانیەکاندا مەگەر بەجوانترین شێوە نەبێت، ئەو کەسانەیان نەبێت کە زوڵم وستەمیان کردوە ( ونایانەوێت هەق وڕاستی بناسن، ئەوانەیان دەبێت ڕەفتارتان لەگەڵیاندا جیاواز بێت ) .

ابن کثیر ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەڵێت : ( إلا الذين ظلموا ) واتە ئەوانەیان کە دەوەستنەوە بەرامبەر بەهەق وڕاستی ودژایەتی دەکەن وکوێربوون لەئاست بینی بەڵگەی ڕوون وئاشکرا و، وسەرکەشی دەکەن وخۆیان زۆر لەوە بەگەورەتر دەزانن کە شوێن ئیسلام بکەون، ئەمانە ( لەبەر ئەوەی دژایەتی ئیسلام دەکەن ) دەبێت تۆش لە گفتوگۆ وموجادەلەی جوانەوە بگوێزیتەوە بۆ دژایەتی کردن وجەنگان لەگەڵیاندا تاوەکو واز دەهێنن لەوکارەیان .

بێگومان ئەم حاڵەتەی چوارەمیش کاری تاکە کەسی نیە، بەڵکو کاری حکومەت ودەسەڵاتە کە هەڵبسێت بەو کارە، چونکە ئەگەر هاتوو تاکە کەس یان کۆمەڵە کەسێک بەبێ ئاگاداری حکومەت ودەسەڵات هەستان بەو کارە، دەبێت هۆی ڕوودانی فەوضی وفەسادی زۆر لەووڵاتدا کە پاشەڕۆژەکەی باش نابێت .

ئەمەش کە باسکرا شێواز وچۆنیەتی بانگەواز بوو لەڕووی هەڵسەنگاندنی کەسی بەرامبەرەوە بەپێی ئامادەی ئەو کەسە بۆ ڕازی بوون بە بانگەوازی بانگخوازەکە یان ڕەفزکردنی .

بەڵام چۆنیەتی بانگەوازکردن بۆلای خوای گەورە لەڕووی ڕیزبەندی ئەو شتەی کە خەڵکی بۆ بانگ دەکەیت دەبێت سەرەتا لە بابەتە گرنگەکانەوە دەست پێ بکەیت، ئەو بابەتانەی کە بە بنەماکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەژمێررێن، کە پێیان دەوترێت پێشەکیەکانی ئیمان وئیسلام وئەمجا هەنگا وبەهەنگاو لەگەڵی کەسی بانگکراودا بگوێزیتەوە بۆ قۆناغەکانی دواتر .

بۆ نموونە ئەگەر کەسێکت بانگ کرد کە ئینکاری بوونی پەروەردگاری دەکرد وباوەڕی بەخوای گەورە وپێغەمبەرانی ( علیه السلام ) نەبوو، ئەوە ئەو کاتە ئێمە هەوڵ دەدەین سەرەتا قەناعەتی پێ بکەین بە بوونی خوا ودروستکەری ئاسمانەکان وزەوی، ئەویش بەهێنانەوەی کۆمەڵە بەڵگەیەکی عەقلی وهەست پێکراو کە بەڵگەن لەسەر بوونی پەروەردگاری خالقی بوونەوەر، تا ئەو کاتەی کە باوەڕی دەهێنێت بە هەبوونی خوایەکی تاک وتەنهای بێ هاوەڵ وشەریک واتە ( الإقرار بالربوبية ) .

کە قەناعەتی هێنا بەئەوە، ئەمجا هەنگاوێکی تر دەنێین بۆ ئەوەی بۆی بسەلمێنین ئەو خوایەی کە ئێستا تۆ باوەڕت پێیەتی دەبێت بیپەرستیت بە پەرستنێکی وا کە تەنها وتەنها عیبادەت وپەرستش بۆ ئەو بکەیت وهیچ کەسێک نەکەیت بەهاوەڵ وشەریکی لەعیبادەتەکاندا، چونکە دان نان بە بوونی پەروەردگاردا، پێویست دەکات کە مرۆڤ دان بنێت بە یەکتاپەرستی خوا لە بەندایەتیەکانیدا ( إقراره بالربوبية يستلزم إقراره بالإلوهية ) هەروەک چۆن خوای گەورەش لەقورئاندا ئەو ڕیزبەندیەی ڕەچاوکردوە، وەک دەفەرموێت :

**(يا أيها الناس اعبدوا ربكُم الذي خلقَكُم والذين من قَبلكُم لَعلكُم تتقُونَ ) [ البقرة : ٢١ ] .**

واتە : ئەی گرۆهی خەڵکی ئێوە بەندایەتی وپەرستن بۆ پەروەردگارتان بکەن، ئەو پەروەردگارەی کە ئێوە وخەڵکانی پێش ئێوەشی دروستی کردووە .

سەرنج دەدەیت خوای گەورە بانگمان دەکات بۆ پەرستنی خۆی بەڵام پێش ئەوە دەیەوێت بیسەلمێنێت پێمان کە هەرخۆیشی خالقی ئاسمانەکان وزەویە، سەرەتا بانگەواز بۆ باوەڕ هێنان بە بوونی خوا، پاشتریش بانگەواز بۆ پەرستنی ئەو زاتە پیرۆزە بەتاک وتەنها وبێ ئەوەی هیچ کەسێک بکەیت بە شەریک وهاوەڵی لەپەرستندا .

نەک هەر ئەوەندە خوای گەورە دەمکوتی بێباوەڕان دەکات وپێیان دەڵێت ئەو بتو داروبەردەی کە ئێوە لەبری خوا دەیانپەرستن خۆیان دروستکراوی خودان ئیتر ئێوە چۆن دەیانپەرستن، وەک دەفەرموێت : **( أيشركُونَ ما لا يخلُق شيئًا وهم يخلَقُونَ** ) [ الاعراف : ١٩١ ] .

واتە : ئایا کەسێک یان شتێک دەکەنە شەریک وهاوبەش بۆ خوا کە ناتوانێت هیچ شتێک دروست بکات، لەکاتێکدا خۆشیان دروستکراون و( هیچیان بەدەست نیە ) .

هەروەها دەفەرموێت:( **واتخذُوا من دونِه آلهةً لا يخلُقُونَ شيئًا وهم يخلَقُونَ ولا يملكُونَ لأنفُسِهم ضرا ولا نفْعا ولا يملكُونَ موتا ولا حياةً ولا نشورا )[ الفرقان:٣ ]**

واتە : هاوەڵگەران لەجیاتی ئەو زاتە شتانێکی تریان کردووە بەخوای خۆیان کەهیچ دروست ناکەن وهیچیان پێ بەدی ناهێنرێت، بەڵکو خۆیان دروست دەکرێن، ( تەنانەت ) ناتوانن سوودێک یان زەرەرێک بەخۆیان بگەیەنن، هەروەها نەمردنیان بەدەستە ونەژیان وزیندووکردنەوە.

پاش ئەوەی کە توانیمان بوونی خوای گەورەی پێ بسەلمێنین، ئەمجا هەوڵدەدەین قەناعەتی پێ بکەین بە بەجێهێنانی عیبادەت وپەرستشەکان بۆ پەروەردگار، ئەمەش ڕێگا وڕێبازی سەرجەم پێغەمبەران بووە لەگەڵ گەل ونەتەوە وهۆزەکانیاندا کە هەوڵیان داوە لەگەڵیاندا کە تەنها وتەنها خودای

گەورەی باڵادەستی بەتوانا بپەرستن وواز بهێنن لە بت وخوا درۆکانی خۆیان، لەگەڵ ئەمەشدا خوای گەورە چەندەها بەڵگە ودەلیلی لەڕێگەی پێغەمبەرەکانیانەوە بۆ ناردوون تاوەکو سوود مەند بێت بۆیان بەتایبەتی لەکاروبارە غەیبی یەکاندا، وەبۆیان ڕوون بکەنەوە کە چۆن چۆنی بەندایەتی بۆ خودا دەکەن، چونکە بەندایەتی کردن بەو شێوەیەی کە خوای گەورە داوای کردووە هەق ومافێکی پەروەردگارە بەسەر بەندەکانیەوە، جا ئەم بەندایەتی کردنەش ڕوون نابێتەوە جگە بەهاتنی پێغەمبەران نەبێت، چونکە ئەوان ڕاستەخۆ لەڕێگای جوبرەئیلەوە ( علیە السلام ) پەیوەندیان بە ئاسمانەوە هەبووە، و خوای گەورەش ئەوەی داوای کردووە لە بەندایەتی کردنی لەلایەن بەندەکانیەوە پێی ڕاگەیاندوون، وهیچ بیانویەکی بۆ خەڵکی نەهێشتوەتەوە، هەر بۆیە هەموو پێغەمبەرێک نێرراو بووە بۆلای گەل وهۆزەکەی خۆی تا پێیان ڕابگەیەنێت چۆن چۆنی بەندایەتی بۆ خوای گەورە دەکەن، هەر بەو شێوەیە هەموو ئوممەتێک لە ئوممەتەکانی پێشوو بەو شێوە تایبەتەی کە بۆیان هاتووە لەلایەن خوای گەورەوە فەرز بووە لەسەریان بەندایەتی ئەو بکەن ودووربکەونەوە لە بت پەرستی وبیروباوەڕی پوچ وبەتاڵ.

جا لەکۆتایدا ئەبێت ئەوە بزانین کۆتا پێغەمبەر کە محمد المصطفی یە ( صلی اللە علیە وسلم ) نێرراوە بۆ تەواوی جیهانیان وشەریعەت وبەرنامە وڕێبازەکەی ئەو تەواوی شەریعەتی پێغەمبەرانی تری سڕیەوە وپێویستە لەسەر هەرکەسێک کە دەیەوێت سەرفرازی دونیا و دواڕۆژ ببێت شوێن ئەم ( خاتم الانبیاء ) ە بکەوێت لەژیانیدا وبەسەر مەشق وپێشەوای خۆی بزانێت، وە ئەو بەڵگەو دەلیلانەش بەجوانی ڕوون بکرێتەوە بۆیان کە لەسەر ئەم بابەتە قسەدەکەن، جا ئەگەر ئەو کەسە باوەڕی بەمە هێنا ودانی نا بەم ڕاستیانەدا،

ئـەو کاتـە ووردە ووردە دەچینـە ناوباسـەکانی تـری شـەریعەتی ئیسـلامەوە تاوەکو بزانێت خوای گەورە چی لێ داواکردوە بۆ ئەوەی پابەند بێت پێوەی لـە ژیانیدا، ئـەویش لەسـەرەتاوە دەست دەکـەین بـە ڕوونکردنـەوەی کارو بابەتـە زۆر گرنگەکان بۆی.

ئێسـتا ئـەم کەسـە دوای ئـەوەی بـاوەڕ وشـایەتومانی هێنـاوە، کەسـێکی ئیمانداره، جا پێویسته بزانێت خوای گەوره داوای چی تری لێکردوه.

سەرەتا بەجێهێنانی فەرزەکانی بۆ ڕوون بکرێتەوە لـە کردنی پێنج نوێژەکە و دەرکردنـی زەکـات لـەماڵ وسـامانی وگرتنـی ڕۆژووی مـانگی ڕەمـەزان وبەجێهێنانی حەجی ماڵی خوای گەورە ئەگەر توانا ودەسـەڵاتی هـەبوو، پاشـتر ئەوەی گرنگ بێت بەپێی پێویستی بۆی باس بکرێت وڕوون بکرێتەوە بۆی .

## بەشی سێهەم

## گۆڕەپان ومەیدانەکانی بانگەواز بۆلای خوای گەورە

مەبەستمان لەمەیدانەکانی بانگەواز ئەو گۆڕەپان وشێوازە جیاواز وجودا جودایانەیە کە بانگخواز بەهۆیانەوە دەتوانێت پەیامەکەی بگەیەنێت بەو کەسانەی کە مەبەستیەتی بەیارمەتی خوا .

١- پەیوەندیە تایبەتیەکانی بانگخواز بەو کەسانەی کە مەبەستیەتی ولەهزر وبیری خۆی دایناوە کە پەیوەندیان پێوە بکات وبەو شێوەیەی کە لە بەشی دووەمدا باسمان کرد ڕەچاوی تایبەتمەندیەکانی ئەو کەسە بکات، ئاخو ئەو کەسە لەو کەسانەیە کە حەز بە خێر وچاکە دەکات وتەنها پێویستی بەوە هەیە کەهان بدرێت وعیبادەتەکانی لا خۆشەویست بکرێت، یان لەو کەسانەیە کە تەمەڵ وتەوەزەلە لەخێر وچاکەدا کەئەمەش وەک ووتمان پێویستە هان بدرێت وئامۆژگاری چاکەشی لەگەڵدا بێت، یان لەو کەسانەیە کە سەرسەخت وسەرکەشە، کە پێویستی بەگفتوگۆ وموجادەلەی جوان وشیرین هەیە لەگەڵیدا.

٢- بانگەواز کردن لەجێگا گرنگەکانی وەک مزگەتەکان وکۆڕوکۆبونەوە گشتیەکانی وەک وەرزی حەج ویانە گشتیەکانی لاوان وچایخانە وسەیرانگەکان وهەر جێگا وشوێنێکی تر کە شیاو بێت وبەرژەوەندیە گشتیەکانی ئیسلامی تێدا ڕەچاو بکرێت وپێویستش بکات .

هەر لەبەر ئەمە دەبینیت کەپێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەوەرزی حەجدا دەگەڕا بەناو ئەو گەل وهۆزانەی لەدەرەوەی مەککە دەهاتن بۆ حەج کردن، دەڕۆیشت لەگەڵیاندا دادەنیشت و بانگی دەکردن بۆ باوەڕ هێنان

بەیەکتاپەرستی وباوەڕ هێنان بە پێغەمبەرایەتی خۆی، یان دەگەڕا بەناو بازاڕەکانیاندا وتاکە تاکەی خەڵکی دەگرت وئاینی تازەی بۆ ڕوون دەکردنەوە، لەم بارەیەوە ئیمامی ئەحمەد ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) ڕیوایەتی کردوە لە ڕەبیعەی کوڕی عبادی الدیلیەوە، کە دەڵێت: پێغەمبەری خوام ( صلی الله علیه وسلم ) بینی لەبازاڕی مەجاز بەخەڵکی دەووت : **( یا أیها الناس قولوا لا الــه إلا الله تفلحوا )** واتە : ئەی خەڵکینە بڵێن ( لا اله إلا الله ) سەرکەتوو وسەرفراز دەبن .

هەروەها جابر دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەی خوا ( صلی الله علیه وسلم) لەعەرەفەدا ئاینەکەی بۆ خەڵکی نیشان دەدا وڕوونی دەکردەوە بۆیان وپێی دەووتن : **( هل من رجل یحملنی إلی قومه فان قریشا منعونی أن ابلغ کلام ربی عزوجل )** واتە: ئایا کەسێک هەیە لە ئێوە لەگەڵ خۆی بمبا بۆ ناو گەلەکەی، چونکە قورەیش ناهێڵن کەلامی خوای گەورە بگەیەنم لەناویاندا .

ابن کثیر ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەڵێت : ئەم فەرموودەیە خاوەنی هەر چوار سوننەنەکە ڕیوایەتیان کردووە، وئیمامی تورموزییش دەڵێت : فەرموودەیەکی حەسەنی صەحیحە، هەروەها ابن اسحاقیش لەم بارەیەوە ووتویەتی : پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لەسەر ئەم کارەی خۆی بەردەوام بوو، هەرکاتێک خەڵکی کۆببونایەتەوە لە وەرزی حەجدا دەهات بۆلایان ئەو هۆزانەی کە لەدەرەوەی مەککە دەهاتن وبانگی دەکردن بۆلای ئاینی پیرۆزی ئیسلام وڕەحمەتی پەروەردگاریان، هیچ کەس وسەرەک هۆزێک ڕووی لەمەککە نەدەکرد ئیلا پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) خۆی پێ دەگەیاند وبانگی دەکردن بۆلای خوای گەورە وئەوەی کە لە ئیسلام بۆی ڕەوانەکرابوو .

٣- جێگا وشوێنەکانی خوێندن لەقوتابخانە وپەیمانگا وزانکۆ وکۆلیژەکان،

جا چی لەڕێگای موحاضەرە وکۆڕوکۆبوونـەوەی گشـتیەوە بێت، یـان لـەڕێگای وانـەی تایبەتـەوە بێت، جـا مامۆسـتای دڵسـۆزی ئاینەکـەی ئـەتوانێت بەووتـە شــیرینەکانی لــەکاتی وانەکەیــدا کاریگــەری هــەبێت لەســەر خوێنــدکار وقوتابیەکانی، یان هەر بە شێوازی جوانی مامەڵـەکردنی لەگەڵیاندا سـەرنجیان بـۆلای خـۆی ڕابکێشـێت وئـەوەی دەیـەوێت پێیـان بگەیـەنێت، چونکـە مامۆسـتا سـەرمەشـقی قوتـابی وشـاگردەکانی خۆیـەتی، ڕەوشـت وکـاروکردەوەی جـوانی ڕەنگ دەداتەوە لە ناو خوێندکارەکانیدا، تـاوای لـێ دێت هـەموویان حـەز بـەوە دەکەن چاو لەمامۆستاکەیان بکەن لەهەموو هەڵسوکەوتێکی ڕۆژانەیاندا .

## بەشی چوارەم

## ئەو ڕەوشت وئاکارە بەرزانەی کە پێویستە لە بانگخوازدا هەبن

پلەوپایەی بانگخواز پلەوپایەیەکی بەرز وبڵندوگرنگە، جا پێویستە بانگخواز زۆر بە هۆشیاری مامەڵەبکاتو بەگرنگی بگرێت ورەچاوی کۆمەڵێک خاڵ هەیە کە دەبێت ئەنجامیان بدات ئەوانیش :

١-دڵسۆزی وئیخلاص لەتەواوی کارەکانیدا بۆ خوای گەورە، بەشێوەیەک مەبەستی لەبانگەوازکردنەکەی عەبدایەتی وخۆنزیک کردنەوە بێت لەخوای گەورە وسەرخستنی ئاینەکەی ئەو بێت، ئەویش بەوەی هەوڵبدات خەڵکی دەربهێنێت لەتاریکی وگومڕایی جەهل ونەزانینەوە بۆ نوور ورووناکی زانست وگوێڕایەڵی خوای گەورە، بەو شێوەیەی کە بانگەوازەکەی هەڵقوڵاوی خۆشەویستی خودا وئاین وچاکە وچاکەخوازی بێت، جا بانگەوازێکیش هەڵقوڵاوی ئیخلاص بێت بۆ خوای گەورە، هاوکات بێت لەگەڵ هێز وعەزیمەت وپشت بەستن بەئەو هەر دەبێت کاریگەری هەبێت لەسەر واقع وژیانی خەڵکی .... ئایا چیرۆکی موسی ( علیه السلام ) ت نەبیستووە کاتێک کە فیرعەون لەڕۆژی جوانی وخۆشی خۆیاندا، ئەو هەمووە جادوگەرو فڕوفێڵکەرەی لە ( موسی ) کۆکردەوە ئەمجا بەهەموو لەخۆ بایی بوونێکەوە هات بۆ ئەوەی دەمکوتی ( موسی ) ی پێ بکات، ئەوە بوو، ( **قَالَ لَهُم مُّوسَىٰ وَيْلَكُمْ لَا تَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ كَذِبًا فَيُسْحِتَكُم بِعَذَابٍ ۖ وَقَدْ خَابَ مَنِ افْتَرَىٰ** ) [ طه : ٦١ ] .

واتە : موسی بەجادووگەرانی ووت هاوار بۆ ئێوە، نەکەن درۆ بەناوی خوداوە هەڵبەستن، ( هاوەڵی بۆ بڕیار بدەن، باوەڕ بە پێغەمبەرانی نەکەن ) چونکە ئەو زاتە بەتوانایە ودەتوانێت بە بەڵایەک هەمووتان لەناو ببات

وبتانفەوتێنێت، چونکە بەڕاستی ئەو کەسەی کە کاری ناڕەوای هەڵبەستووە وپڕوپاگەندەی درۆی کردووە، نائومێد وبێ هیوا وڕەنجەڕۆیە .

جا ئەم ووتانەی موسی چی کاریگەریەکی هەبوو؟! ئەوە بوو یەکسەر جیاوازی کەوتە نێوانیانەوە وکۆمەڵەکەیانی پارچە پارچەکردن بەبێ هیچ دواکەوتنێک وەک دەفەرموێت : ( **فتنازعوا أمرهم بينهم وأسروا النجوى** ) **[ طه : ٦٢ ] .**

واتە : ( گوفتاری موسی کاری تێکردن ) وجیاوازیان کەوتە نێوانانەوە وکەوتنە باس وخواس لەنێوان خۆیاندا وبەنهێنی چپ وهوڕیان دەست پێکرد .

ئەوبوو سەرەنجام جادووگەرەکان باوەڕیان هێنا وسوژدە وکڕنووشیان بۆ خوای گەورە برد ووازیان لە فیرعەون هێنا وشوێن موسی کەوتن، چونکە زانیان ئەوەی بەخۆیانە هەمووی چاوبەست ودرۆو فێڵ کردنە، ئەوەشی بە موسی یە موعجیزەی خوایە ودوورە لە درۆ وفێڵ کردنەوە .

بەڵێ تەفرەقە وجیاوازیان تێکەوت، تەفرەقە وجیاوازیش هۆکارێکی سەرەکی وگەورەی شکستهێنانە وهەر بەهۆی جیاوازیشەوە هەیبەت ودەسەڵات نامێنێت، وەک خوای گەورە دەفەرموێت : ( **ولا تنازعوا فتفشلوا وتذهب ريحكم** ) **[ الانفال : ٤٦ ] .**

واتە : ئاشووب وئاژاوە مەگێڕن وجیاوازی وناکۆکیتان تێ نەکەوێت، خۆ ئەگەر ئاشووب بگێڕن وجیاوازی وناکۆکیتان تێ بکەوێت ئەوە شکست دەهێنن ولاوازی ڕووتان تێدەکات وهەیبەت وشکۆداری ودەسەڵاتتان لەناو دەچێت .

جا ئیخلاصی بانگخواز لەبانگەوازەکەیدا هۆکارێکی زۆر گرنگە لەپێناو سەرکەوتن وبەدەستهێنانی پاداشتی لای خوای گەورە، بەڵام خوا پەنا بدات ئەگەر بانگەوازەکەی لەبەر ڕووپامایی و ڕیا وبەدەست هێنانی پلەوپایەو ناو وشۆرەت بێت لەناو خەڵکیدا ئەوە لای خوای گەورە هیچی وەرناگیرێت

وهەمووی دەدرێتەوە بەسەر خۆیدا چونکە مەبەستی ڕەزامەندی خوا نەبووە، وەک دەفەرموێت : ( **مـن كـانَ يريد الحيـاةَ الدنيا وزينتهـَا نوف إليهم أعمالهـم فيها وهـم فيها لا يبخسونَ (١٥) أولئك الذين ليس لهـم في الآخـرة إلا النار وحبِـطَ ما صنعـوا فيهـَا وباطلٌ ما كانوا يعملُونَ (١٦)[ هود :١٥-١٧] .**

واتە:هەر کەسێک تەنها ژیانی دونیا وڕازاوەیی و( خۆشگوزەرانی ) یەکەی بوویێت، ئەوە پاداشتی هەوڵ وکۆششی ئەو جۆرە کەسانە دەدەینەوە لەدونیادا، ئەوانیش تێیدا هیچیان لێکەم ناکرێتەوە ئا ئەوانە ئەوانەن کە لەڕۆژی دوایدا جگە لە ئاگری دۆزەخ هیچی تریان بۆ نیە وئەوەی کە کردیان لەدونیادا پووچەڵ بویەوە وبێ نرخ مایەوە، هەروەها ئەو کاروکردەوەی کە دەیانکرد بەتاڵ وپووچ وبۆشە .

ئەبو هورەیرەش دەگێڕێتەوە ودەڵێت: لەپێغەمبەری خوام ( صلى الله عليه وسلم ) بیست فەرمووی : " **أول الناس يقضي يوم القيامة عليه – فذكر الحديث وفيـه – ورجل تعلم العلم وقرأ القرآن فأوتي به فعرفه نعمه فعرفها، قال : فما عملت فيها؟ قال : تعلمـت العلم وعلمته وقرأت فيك القرآن، قال : كذّبت ولكنك تعلمت ليقال عالمٌ، وقرأت القرآن ليقـالَ هو قارئ فقد قيل، ثم أمر به فسحب على وجهه حتى ألقي في النار " رواه مسلم .**

واتە : یەکەمین کەسێک لەخەڵکی کە دادگای دەکرێت ئەو کەسەیە .....ئەمجا لەدرێژەی فەرموودەکەیدا هاتووە، کەسێک کە فێری زانست وزانیاری بوویێت وخەڵکیشی فێرکردبێت وقورئانی خوێندبێت، ئەوجا لەوڕۆژەدا ئەو کەسە دەهێنن، خوای گەورەش هەموو نیعمەتەکانی خۆی وەبیر ئەو کەسە دەهێنێتەوە لە فێرکردنی قورئان وزانستە شەرعیەکان وهیدایەتی بۆ سەر ڕێگای ڕاست وزۆر شتی تریش، ئەو کەسەش هەمووی وەبیر دێتەوە وهەموو ئەو شتانە دەناسێتەوە کە خوای گەورە بۆی باس کرد، ئەمجا خوای

گـەورە پێـی دەڵێـت: ئایـا چ کارێکـت بـەو زانسـت وزانیاریـە کـرد ؟ ئـەویش لەوەڵامدا دەڵێت : فێری زانست وزانیاری بووم وخەڵکیشم فێرکرد وقورئانم لەبەر ڕەزامەندی تۆ خوێند، ئەویش دەڵێت: درۆ دەکەیت بەڵکو فێری زانست وزانیاری بوویت تاوەکو بڵێن زانایە، وە قورئانت دەخوێند تاوەکو بڵێن قورئان خوێنێکی دەنگ خۆشە، دەی لەدونیادا پێان ووتیت ( واتە پاداشتی خۆتت وەرگرت ) پاشان فەرمان دەکرێت کە بەڕوومەتیدا ڕابکێشرێت تاوەکو فڕێ دەدرێتە ناو دۆزەخەوە .

٢- ئـەبێت ئـەو بـانگخوازە بـاوەڕی وا بێـت کـە بەبانگەوازەکـەی میراتگـری پێغەمبەری خوایە ( صلى الله علیه وسلم ) لە بڵاوکردنـەوەی سوننەت وژیـانی پڕ لەڕەحمـەتی ئـەو پێغەمبـەرە ئـازیزە، تـاوەکو ئەمـە ببێتـە چـرا ومەشـخەڵێک بەدەستیەوە بتوانێت شوێن پێی ئەوی پێ هەڵبگرێت لەبانگەوازەکەیدا وفێری صـەبر وئـارامگری ببێـت لـەپێغەمبـەری خۆشەویستەوە لەسـەر ناڕەحەتیـەکانی ژیانی بانخوازی، وبەئومێدی ئەوەش بێت کە پەروەردگاری باڵادەست پاداشت وئـەجری وون ناکـات ودەیخاتـە ڕیـزی ئـەو کەسـانەوە کـە لەبارەیانـەوە دەفەرموێت:( **قُلْ هذه سبيلي أدعو إلى الله على بصيرة أنا ومن اتبعني** )[ **يوسف :١٠٨**].

واتـە : ئـەی پێغەمبـەر ( صـلی اللـە علیـە وسـلم ) تـۆ بڵـێ : ئائەمـە ڕێگـا وڕێبازمە من وشوێنکەوتووانم بانگەواز دەکەین بۆلای خوای گەروە لەسەر چاورۆشنی .

٣- ئەبێت دامەزراوو بێت لەسەر بانگەوازەکەی بۆلای خوای گەورە، وهیچ ناڕەحـەتی وڕاوەدوونـانێکی نـەیارانی سـاردی نەکەنـەوە لەنائومێـدی لەکاروبانگـەوازی، چونکـە ئـەو بێگومانـە لەڕاسـتی ودروسـتی ئـەو ڕێبـازەی کەهـەڵیبژاردووە وگومانیشـی نیـە لـەوەی پاشـەڕۆژ وسـەرکەوتن هـەر

بۆبەندەکانی خوای گەورەیە، ونەیارانی بەرنامەکەی خوداش هەر ڕسوایی وسەرشۆڕییان بۆ دەمێنێتەوە لەدونیا وقیامەتیشدا، وە سەرەنجام وداوڕۆژیش بۆ بەندە دڵسۆز وموخلصەکانیەتی .

٤- ئەبێت ئارامگر وخۆگربێت لەسەر ئەو نارەحەتیانەی کە لە کاتی بانگەوازەکەیدا دێتەڕێگای، وئامۆژگاری ئەو کەسانەش بکات کەلەگەڵیدان لەسەر ئارامگرتن، چونکە هەرکەسێک خەریکی گەیاندنی ئەم بانگەوازە پیرۆزە بێت، گومان لەوەدا نیە کە نەیارانی تووشی ئەزیەت وئازاری دەکەن، جا ئەزیەت وئازاری تانە لێدان وقسە پێوتن بێت، یاخود سزای جەستەیی بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە واز لەبانگەوازەکەی بهێنێت، هەروەک چۆن بێباوەڕانی مەککە ئەزیەت وئازاری پێغەمبەر ویارانیان دا لەسەرەتای هاتنی ئیسلامەوە، هەروەک خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا بۆمانی باس دەکات ودەفەرموێت : ( **ولَقد كُذبت رسلٌ من قَبلك فَصبروا علَى ما كُذبوا وأُوذُوا حتى أَتاهم نصرنا ولَا مبدلَ لكَلمات الله** ) [ الانعام : ٣٤ ] .

واتە : سوێند بێت بێگومان پێغەمبەرانی پێش تۆش بڕوایان پێنەکراوە وگەل وهۆزەکانیان بەدرۆیان زانیوون، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان دانیان بەخۆدا گرت لەسەر ئەو بڕوا پێ نەبوونەیان، ئازار وئەشکەنجەش دران، هەتا سەرەنجام سەرکەوتنی ئێمەیان بۆهات وبەهرەمەند بوون پێی، وهیچ شتێکیش نیە بتوانێت وویست وفەرمانەکانی خوا بگۆڕێت .

٥- ئەبێت ڕێڕەوی حیکمەت ودانایی بگرێتەبەر لەکاتی بانگەواز کردنیدا، بەشێوەیەک هۆکاری گونجاو لەجێگا وشوێنی خۆیدا بەکار بهێنێت، چونکە خەڵکی هەموویان لە تێڕوانین وتێگەشتنیاندا وەک یەک نین، هەروەک یەکسانیش نیە لە نەرم ونیانی وتووڕەبونیاندا، کەسی وایان هەیە لەخۆبووردە

وخاکی یە، کەسی واشیان هەیە خۆبەزل زان ولەخۆبایی یە، جا دەبێت لەگەڵ هەر کەسێک لەو کەسانە شێواز وجۆرە مامەڵەیەک بەکار بهێنێت کە لەگەڵیان بگونجێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو کاڵا بەنرخەی پێەتی پێان بگەیەنێت، ئەمەش پێی دەوترێت بەکارهێنانی ( حیکمەت ودانایی ) لەبانگەوازدا، جا دەبێت زۆر لەسەرخۆ ونەرم ونیان بێت لەگەڵ خەڵکدا، کاتێک کەسێکی بینی کە تووشی لادان وئینحراف هاتووە لە سلوک ورەوشتیدا نابێت وازی لێ بهێنێت بۆ شەیتان وشوێنکەوتوانی هێندەی تر لای بدەن وبەرەو هەڵدێری بەرن، بەڵکو دەبێت هەق وراستی بۆ ڕوون بکاتەوە وخۆشەویستیشی بکات لای، چەند خەڵکمان بینیوە کە وازی لێهێنراوە ودەستی لێ شۆراوە کە ئیتر ئەم کەسە هیدایەت وەرناگرێت کەچی پاشان خوای گەورە هیدایەتی داوە .

لە حیکمەت ودانایی بانگەواز کردن ئەوەیشە کەنابێت بانگخواز لەسەرەتاوە بچێت بەگژی ئەو کەسەی کەبانگی دەکات وتەواوی ڕەوشت وسلوکی بە گومڕا وخراپە ناوزەد بکات، چونکە ئەگەر هاتوو بەو شێوەیەت کرد بێگومان کەسی بەرامبەر ئەتۆرێنیت وزیاتر دووری دەخەیتەوە لە هیدایەت، خوای گەورەش ڕێنمونیمان دەکات کە وانەبین وەک دەفەرموێت : ( **ولَا تسـبوا الـذين يدعونَ من دون الله فَيسبوا الله عدوا بِغير علْمٍ كَذَلك زينا لكُل أُمة عملَهم** )**[ الانعام : ١٠٨ ].**

واتە : ئەی باوەڕداران نەکەن جوێن بدەن بەو بت وشتانەی کە نەفامان هاواری لێدەکەن ودەیپەرستن جگە لەخوا، نەوەکو ئەوانیش بەناهەق وبەنەفامی جوێن بدەن بەخوا، چونکە ئەوانە نایناسن وقەدری نازانن،ئا بەو شێوەیە ئێمە بۆ هەر گەل وئوممەتێک کردەوەکەیانمان ڕازاندووەتەوە .

بەڵام دەبێت هەق وراستی بۆ ڕوون بکرێتەوە وهانیش بدرێت لەسەر کاروکردەوەی چاکە تا بەدڵیەوە دەنوسێت وخۆشەویست دەبێت لای، بەلایەوە

ئاسـان دەبێـت واز لـەو خـووە خـراپ وکـردەوە ناشـیاوانە بهێنێـت، چونکـە بەڕاستی کەسێک لەسـەر شـتێک ڕاهاتبێت زۆر نارەحەتـە بەئاسـانی ولەشـەو ورۆژێکدا بتوانیت ئەوەی خووی پێوە گرتووە پێی ترک بکەیت، بەڵکو پێویستی بەماوەیەک هەیە.

هەر لەبەر ئەم حیکمەتەیە کە خوای گەورە ( عرق = مـەی ) خواردنـەوەی بەچەند قۆناغێک حەرام کرد، ئەویش لەبەر موراعاتی خووی خەڵکی، چونکە خـەڵکی ماوەیـەکی دوور ودرێـژ لەسـەر مـەی خواردنـەوە ڕاهـاتبوون، دایکـی موسڵمانان عائیشە ( خوای لێ ڕازی بێت ) ئاماژەی بەم ڕاستیە دەدا ودەڵێت: ئەگەر خوای گەورە بهاتایـە بەیـەکجار پێی بووتنایـە واز لـە مـەی خواردنـەوە بهێنن کەس وازی لێ نەدەهێنا، هەر بۆیە دەبینین خوای گەورە بـەچوار قۆنـاغ مەی خواردنەوەی لە نێو باوەڕداراندا بنەبڕکرد:

**قۆناغی یەکەم** : خوای گەورە دەفەرموێت : ( **ومن ثَمرات النخيلِ والأعنابِ تتخذُونَ منه سكَرا ورزقًا حسنا إن في ذَلك لَآيةً لقَومٍ يعقلُونَ** ) **[ النحل : ٦٧ ] .**

واتـە : لەبەرووبوومـەکانی دارخورمـا ورەزی ترێکـانیش ( هەنـدێ جـار ) شـتی سەرخۆشکەر دروست دەکەن، ( گەلێ جاریش ) بەرهەمی پاک وبەسوودی لێ بەرهەم دێنن، بەڕاستی ئالەوەشدا بەڵگە ونیشانەی ئاشکرا هەیە بۆ کەسانێک عەقڵ وژیری خۆیان دەخەنەکار.

زانایـان دەڵـێن لـەم ئایەتـەدا ئاماژەیـەکی تێدایـە بـۆ ئـەوەی خـوای گـەورە بـە بـاوەڕدارانی بگەیـەنێت کـە سەرخۆشـکردن جودایـە لـە شـتە بەکـەڵک وبەسوودەکان هەر بۆیە لە ئایەتەکەدا جودای کردونەتەوە لەیەکتر (وەرگێڕ ).

**قۆناغـی دووەم** : لەوەڵامی پرسیارێکی باوەڕداراندا کەکـردبوویان لـەبـارەی مـەی خواردنەوەوە خـوای گەورە ئـەم ئایـەتـەی دابـەزاند: ( **يسألُونك عن الْخمر**

**والْميسِرِ قُلْ فيهما إِثْمٌ كَبِير ومنافع للناسِ وإِثْمهما أَكْبر من نفْعهما )** **[ البقرة : ٢١٩ ] .**
واتە : پرسیارت لێ دەکەن ( ئەی محمد صلى الله عليه وسلم ) دەربارەی مەی ( عرق ) وقومارکردن، تۆش پێیان بڵێ : لەو دوو شتەدا تاوان وگوناهێکی گەورە هەیە، هەر چەندە سوودێکیشیان تێدایە بۆ خەڵکانێک ( وەک ئەوانەی کە بازرگانی پێوە دەکەن، یان لەقومارکردنەکەدا دەیبەنەوە ) بەڵام بێگومان گوناهەکەیان گەورەترە لەکەڵک وسوودیان .
سەرنج دەدەین خوای گەورە نەیفەرمووە ( منفعة ) کەڵکێکی تێدایە، بەڵکو فەرموویەتی ( منافع ) بۆ ئەوەی هەموو ئەو کەڵکانە بگرێتەوە کە بەخەیاڵی مرۆڤەکاندا دێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەو کەڵک وسوودانە زۆر کەم وقێزەوونن لەبەرامبەر ئەو هەموو زیان وخراپە زۆرانەی کە بەهۆی مەی خواردنەوە وقومارەوە تووشی کۆمەڵگە دەبێت، جا هەر مرۆڤێک تۆزقاڵێک هۆش وبیری هەبێت نزیکی مەی خواردنەوە وقومار نابێتەوە، چونکە زانستەکانی سەردەمی نوێش سەلماندویانە زیانەکانی ئەو دوو شتە گەلێک زیاترن لەچاو هەندێکی سوود وکەڵی مادی بۆ هەندێک کەسی کەم ولەبەرچاو.
جا ئەم ئایەتەش کەدابەزی قۆناغێکی تر بوو بۆ دوورخستەوەی باوەڕداران لەو دوو شتە قێزەونە، چونکە لەشەریعەتی ئیسلامدا هەر شتێک زیانی زیاتر بێت لە سوود وکەڵکی ئەوە حەرامە، جا ئەم ئایەتە دەروونی باوەڕدارانی ئامادەکرد بۆ قۆناغێکی تر ئەویش حەرام بوونی مەی خواردنەوە بوو لەچەند کاتێکی کەمدا نەبێت، وەک لە قۆناغی سێهەمدا بەڕوونی دەردەکەوێت.
**قۆناغی سێهەم :** قەدەغە کردنی نوێژکردن لەکاتی سەرخۆشیدا، وەک خوای گەورە دەفەرموێت: ( **يا أيها الذين آمنوا لا تقْربوا الصلاةَ وأنتم سكَارى حتـى تعلمـوا مـا تقُولُونَ .. ) [ النساء : ٤٣ ] .**

واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە نزیکی نوێژکردن مەبنەوە لەکاتێکدا کە سەرخۆشن، تاوەکو بزانن چی دەڵێن ولەنوێژەکانتان تێبگەن .

ئەم ئایەتە پیرۆزە بەلانی کەمەوە ئیماندارانی قەدەغەکرد لە خواردنەوەی مەی= عەرەق لە پێنج کاتەکەی نوێژکردندا، وەهەروەها جارێکی تر بە باوەڕدارانیشی ڕاگەیاندەوە کە مەی خواردنەوە شتێکی باش نیە، چونکە هۆش وبیر لەسەر خۆی ناهێڵێت، وە ئامادەشی کردن بۆ ئەوەی لە قۆناغی دواتردا بەیەکجاری لەسەریان قەدەغە وحەرام بکات .

**قۆناغی چوارەم :** قەدەغەکردنی مەی خواردنەوە لەسەرجەم کات وشوێنێکدا، بە دەقی ئایەتی قورئانی پیرۆز، وەک دەفەرموێت : (**يا أيها الذين آمنوا إنما الخمر والميسر والأنصاب والأزلام رجس من عمل الشيطان فاجتنبوه لعلكم تفلحونَ (٩٠) إنما يريد الشيطانُ أنْ يوقع بينكم العداوةَ والبغضاءَ في الخمر والميسر ويصدكم عن ذكر الله وعن الصلاة فَهلْ أنتم منتهونَ (٩١) [ المائدة : ٩٠-٩١]** .

واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە دڵنیابن، کە عەرەق وقومار وگۆشتی ماڵاتی سەربڕاو بۆ غەیری خوا لەو جێگایانەی کە خەڵک بەپیرۆزی داناوە ( نەک ئیسلام )هەروەها بورج وحەرام وحەڵاڵ زانین بەهۆی هەڵدانی زارەوە، ئەمانە هەر هەموویان پیسن ولەکاروکردەوەی شەیتانن، کەواتە ئێوەش خۆتانی لێ دوور بگرن وخۆتانی لێ بپارێزن، بۆ ئەوەی سەرفرازیی وبەختەوەری لەهەردوو جیهاندا بەدەست بهێنن**(٩٠)** بێگومان شەیتان هەر دەیەوێت لەڕێگای عەرەق وقومارەوە دوژمنایەتی وبووغز وکینە بخاتە نێوانتانەوە ولەیادکردنی خوا وناوە پیرۆزەکانی وێڵ وسەرلێشێواوتان بکات، هەروەها سست وتەمەڵتان بکات لەئەنجامدانی نوێژەکان، ئایا ئیتر بەس نیە ( عەرەق خواردنەوە؟! ) ئایا ئیتر کۆڵنادەن وکۆتایی پێ ناهێنن؟ .

بەڵێ خوشک وبرایانی بەڕێز پاش ئەم ئایەتە پیرۆزە زۆر بە ئاسانی هەموو هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) کۆتاییان هێنا بەعەرەق خواردنەوە، ئەویش دەرەنجامی ئەو ئامادەکاریەی کە خوای گەورە کردی لەدەرونیاندا، پاک وبێگەردی بۆ پەروەردگاری حەکیمی کاربەجێی دانا .

جا بۆیە بانگخوازیش دەبێت زۆر ئاگادرای حاڵ ولایەنی دەروونی ئەو کەسە بێت کە بانگی دەکات بۆ لای خوای گەورە، سەرەتا پێویستە لەشتە گرنگ وبنەڕەتیەکانەوە دەست پێ بکەیت ئەمجا دواتر بۆ شتە پێویست ولاوەکیەکان هەنگاو بنێیت .

نموونەیەکی تری زیندوو لەژیانی پێغەمبەری خوادا ( صلی الله علیه وسلم) ئەوە بوو کاتێک وەفدی ( ثقیف ) هاتن باوەڕ بهێنن، مەرجیان دانا لەسەر پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) کە زەکات نادەن وجیهادیش ناکەن، لەسەرەتاوە پێغەمبەری خوا ڕازی بوو بەم دوو مەرجە وفەرمووی : " **( سیتصـدقون ویجاهـدون ) [ رواه ابـو داود ]** واتە : لەمەودوا زەکاتیش دەدەن وجیهادیش دەکەن، چونکە ئەگەر ئیمان چوویە ناو هەر دڵ ودەروونێکەوە وا لەخاوەنەکەی دەکات کە هەڵبسێت بە ئەنجامدانی سەرجەم فەرمانەکانی خوا، بە ئەندازەی ئەوەی باوەڕی هەر کەس بەهێز بێت، بەو ئەندازەیەش خاوەنەکەی گەرم وگورتر دەبێت لەسەر بەجێهێنانی فەرمان وداواکاریەکانی پەروەردگاری .

٦- ئەبێت بانگخواز شارەزایی هەبێت لە شەریعەتی ئیسلام وئاگادار بێت لەو شەریعەتەی کە خەڵکی بۆ بانگ دەکات، وە ئاگاداری ڕادەی شارەزای ئەو کەسەش بێت کە بانگی دەکات بۆلای خوای گەورە.

شارەزای هەبێت لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام تاوەکو بانگەوازەکەی لەسەر

چاوڕوونی وبەصیرە وبەڵگە ودەلیل بێت، تاوەکو نەبێت بەهۆی گومڕاکردنی خۆی وخەڵکیش، چونکە ئەگەر بە بێ بەڵگەو دەلیل وشارەزای خەڵک بان بکەیت فەرمانیان پێ دەکەیت بە شتێک کە خوای گەورە پێ ڕازی نیە وئەوکاتە دەبێت بە بانگخوازی سەر لێشێواو وخەڵک گومڕاکەر، جا بانگخواز دەبێت شارەزای ئاینەکەی بێت تاوەکو لە چوار چێوەی ئەوانەدا بژمێرێت کە خوای گەورە لەبارەیانەوە دەفەرموێت : ( **قُلْ هذه سبيلي أدعو إلى الله على بصيرة أنـا ومـن اتبعني** )**[ يوسف :١٠٨].**

واتە : ئەی پێغەمبەری ( صلى الله عليه وسلم ) تۆ بڵێ : ئائەمە ڕێگا وڕێبازمە من وشوێنکەوتووانم بانگەواز دەکەین بۆلای خوای گەروە لەسەر چاورۆشنی .

جا لەبەر ئەوەی بانگخواز بتوانێت بەرگری لە ئاین وبانگەوازەکەی بکات پێویستە شارەزای دینەکەی بێت، چونکە چەند کەسی نەزان وجاهیلمان بینی کە بەلای خۆیانەوە بانگەواز دەکەن کەچی بوون بە مایەی زەرەر بۆ خۆیان وبانگەوازەکەیان ئەو کەسانەشی کە دەعوەیان کردبوون، لەبەر ئەوەی کەسی نەزان وجاهیل هەر زوو چۆکدا دەدا لەبەردەم باطل وگومڕاییدا، ئەویش لەبەر کەمی زانست وعلمی، جا لەبەر ئەوە دەبێت ڕێگا نەدرێت کەسانی نەزان ونەشارەزا بانگەواز بکەن هەروەک چۆن نابێت ڕێگا بدرێت بە منداڵان جیهاد بکەن.

٧-ئەبێت بانگخواز خاوەنی باوەڕێکی بەهێز وڕەوشت وئاکارێکی بەرز بێت تاوەکو ببێت بە سەرمەشق وقدوەی چاکی خەڵکی لە زانست وکاروکردەوەیدا، ئەوەی فەرمانیان پێ دەکات خۆی لە پێشەوە ئەنجامیان بدات، ئەوەشی قەدەغەی دەکات لێیان دەبێت خۆی سەرەتا نەیکات ودوور بکەوێتەوە لێی،

تاوەکو نەکەوێتە بەر ئەو هەڕەشەیەی خوای گەورە کە دەفەرموێت : ( **يا أيهـا الذين آمنوا لم تقُولُونَ ما لا تفْعلُونَ (٢) كبر مقْتا عند الله أنْ تقُولُوا ما لا تفْعلُونَ** (٣) [ الصـف : ٢-٣ ] .

واتـە : ئـەی ئەوانـەی باوەڕتـان هێنـاوە بـۆچی ئـەوەی کـە دەیـڵێن ئـەنجامی نادەن ( بۆچی گوفتارتان دژی کردارتانە )**(٢)** خەشـم ورقێکی گەورەیـە بـەلای خوداوە ئەوەی کە بیڵێن وئەنجامی نەدەین (٣) .

هـەروەها لـە صـەحیحی بوخـاري وموسـلیمدا هـاتووە کـە ئوسـامەی کـوڕی زەید ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبـەری خـوا (صـلی اللـە علیـە وسـلم ) فـەرمووی : " **يجاء بالرجل يوم القيامة فيلقى في النار فتندلق أقتابه – يعني أمعاءه – في النار فيدور ا كما يدور الحمار برحاه فيجتمع أهل النار عليه فيقولون : أي فلان ما شأنك أليس كنت تأمرنا بالمعروف وتنهانا عن المنكر؟ قال : كنت آمركم بالمعروف ولا آتيه وأ اكم عن المنكر وآتيـه** " واتـە : لـە ڕۆژی دوایـدا کەسـێک دێـنن وفڕێـی دەدەنـە نـاو ئـاگری دۆزەخــەوە، بــەشــێوەیەک کــە ڕیخۆڵــەکــانی دێنــە دەرەوە و بەدەوریــدا دەسوڕێتەوە، هەروەک چۆن گوێ درێژ بەدەوری ئاشەکەیدا دەسوڕێتەوە، جا خەڵکی دۆزەخ دێن وکۆدەبنەوە لێی وپێی دەڵێن : فڵان کەس ئەوە چی دەکەیت لێرە؟ باشـە خـۆ تـۆ فـەرمانت بـە ئێمـە دەکـر بەچاکـە وقەدەغـەت دەکـردین لـە خراپە؟ ئەویش لەوەڵامیاندا دەڵێت : من فەرمانم دەکرد بە ئێوە بەچاکـە کـەچی خۆم نەمدەکرد، وە قەدەغەی خراپەم دەکرد لە ئێوە، کەچی بۆخوم دەمکرد .

بەڵێ فەرمان کردنی خەڵکی بەچاکە وقەدەغەکردنیان لەخراپە، بـەبێ ئـەوەی خـۆت بـەو شـێوەیە بیت، لـە شـەریعەتی ئیسـلام وقورئـانی پیـرۆزدا قەدەغـەی لێکراوە، هەروەک خوای گەورە دەفـەرموێت : (**أتأمرونَ الناس بِالْبِر وتنسونَ أنفُسـكُم وأنتم تتلُونَ الْكتاب أفَلا تعقلُونَ** ) [ **البقرة : ٤٤** ] .

ئەم ئایەتە لەسەر جولەکەکان هاتە خوارەوە کە دەفەرموێت : (کەی ئەوە ڕاستە ) فەرمانی چاکە بەخەڵکی بدەن وخۆتان فەرامۆش بکەن؟! لەکاتێکدا خۆ ئێوە کتێبی خوا ( تەورات ) دەخوێننەوە، دەزانن سزای گوفتاری بێ ڕەفتار چۆنە ) جا ئایا عەقڵ وژیرییتان ڕێگاتان لێناگرێت لەو هەڵوێستە ناشرینە .

٨-ئەبێت بانگخواز زۆر بەهەیبەت وبە ووقار بێت لەهەڵسوکەوت وگوفتاریدا و ووشک و قسە تاڵ ومۆن نەبێت، بەشوەیەک بێت جێگای زەفەر پێبردنی نەیارانی نەبێت، وە کەسانی دڵسۆزیشی بەکەم سەیری نەکەن، لە جێگا وشوێنی جدّیدا جدی بێت لەگەڵیاندا ولەکاتی گاڵتە وقسەی خۆشیشدا قسەی خۆشیان بۆبکات، لەکاتێکدا ووتە وقسەیەی ئەو سوود وخێری هەبوو قسە بکات، وەگەرنا بێدەنگ بێت باشترە، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا پێویستە بانگخواز زۆر سینە فراوان وڕوخۆش وقسە شیرین بێت، وتێکەڵاوی خەڵکی بکات وبەدەم پێویستی وکاروبارەکانیانەوە بێت تاوەکو خەڵکیش لەکاتی پێویستی بانگەوازەکەیدا دەوروبەری ئەو چۆڵ نەکەن، چەند خەڵک بەهۆی سینەفراوانی وزەردەخەنە وقسە وگوفتاری شیرینەوە هیدایەتیان وەرگرتووە بەیارمەتی خوای گەورە .

## بەشی پێنجەم

## هۆکارەکانی سەرکەوتنی بانگەواز

سەرکەوتنی بانگەواز ئەو ئامانجەیە کە بانگخوازان هەوڵی بۆدەدەن، چونکە ئەگەر ئەو هیواو وئاواتەیان نەبێت ئەوا هەر چی زووە بانگەوازەکەیان بەرەو پووکانەوە دەچێت، جا لەبەر ئەوە پێویستە هەموو بانگخوازێک هۆکارەکانی سەرکەوتنی بانگەوازەکەی بزانێت، تاوەکو دەستیان پێوە بگرێت وبگات بە ئەنجامێکی دڵخۆشکەر، جا ئێمە لێرەدا هەندێک لەو هۆکارانە دەخەینە بەردەم ئێوەی بەڕێز بە ئومێدی ئەوەی إن شاء الله جێگای ڕەزامەندی خوای گەورە بێت وپاشان ئێوەش سوود مەند بن لێی :

١- جێ بەجێ کردنی ئەو شتانەی کە باسکرا لە بەشی دووەم وچوارەمدا .

٢- پاڵپشتێکی خاوەن دەسەڵات هەبێت کە پشتگیری لە بانگەوازەکە بکات، چونکە بوونی دەسەڵات وبانگەوازێکی ڕاست ودروست دوو هۆکاری سەرەکین بۆ ئیصلاحی بەندەکانی خوا، جا ئەگەر بانگەواز ودەسەڵات پێکەوە پشتگیری یەکتر بوون، ئەوە بەیارمەتی خوای گەورە ئامانج وهەدەفی گەورە بەدی دێت، بەڵام ئەگەر لەیەک دوور بوون ئەوا هەوڵەکان تا ڕادەیەکی زۆر لاواز دەبن، جا لەبەر ئەوە هەر دەوڵەت ودەسەڵاتێک سەربەرزی ڕاستەقینەی دەوێت لە دونیا وقیامەتدا، ودەیەوێت جێگیر بێت ولەناونەچێت ئەبێت دەست بگرێت بەئاینی خوای گەورەوە، بە شوێن پێی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) هەنگاوەکانی هەڵبگرێت، وبەدوور بێت لەهەرچی یاسا ورژێمی دەستکردی مرۆڤەکانە، کە پێچەوانە بێت لەگەڵ ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا، لەبەر ئەوە دەبێت هەر ئاینی خوا بەرز وشکۆدار بێت وسەربەرز بێت بەسەر هەموو

ئاینەکانی تردا، جا هەرکەس دەست بگرێت بەدینی خوداوە ئەوە بەیارمەتی خوای گەورە سەربەرز دەبێت وسەردەکەوێت بەسەر نەیارانیدا، هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت: {**وعد الله لا يخلف الله وعده ولكن أكثر الناس لا يعلمونَ (٦) يعلمونَ ظاهرا من الحياة الدنيا وهم عن الآخرة هم غافلُونَ (٧)} [ الروم : ٦-٧ ] .**

واتە : بێگومان ئەوە بەڵێنی خوا خۆیەتی ( کە ئیمانداران وڕۆمەکان سەردەخات بەسەر فارسەکاندا ) خوا سەرپێچی ناکات لە بەڵێنەکەی**(٦)** بەڵام زۆربەی خەڵکی تەنها ڕواڵەت لە دونیا دەزانن (عەقڵیان لەچاوویاندایە ) ، ئەوانە بێ ئاگا وبێ خەبەرن لە ڕۆژی دوایی **(٧)** .

هەروەها ئەوە شتێکی حەتمیە کە دەبێت بانگخوازانی ژیر وهۆشیار پەیوەندی بکەن بەدەسەڵات وحکومەتەوە وهانیان بدەن لەسەر ڕێڕەوی هەق وڕاستی، وبۆشیان ڕوون بکەنەوە کە پاشەڕۆژی ڕووناکی ئەم بانگەوازە لە دونیا ودوارۆژیشدا چەند بەنرخ وشکۆمەندە، وە بیانترسێنن لەسەرپێچی فەرمانەکانی خوا وپێغەمبەرەکەی وئەو سەرەنجامە خراپەشی کە دێتە ڕێگایان لە دونیا ودوارۆژدا، لەهەمان کاتدا هەمیشە ئامۆژگاریان بکەن لەسەر سەرخستن ویارمەتیدانی دینی خودا وبانگخوازانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام .

٣-بانگەواز بەشێوەیەک بێت کە کەشو زەمینەی بۆ ساز بکرێت لەسەر واقع تاوەکو جێگای قبوڵی خەڵکی بێت، بەشێوەیە کە شتانێک نەبنە ڕێگر یان لەمپەر لەنێوان بانگخواز وبانگکراواندا، ئەمەش زۆرجار لەناو ئەو گەل وهۆزانەدا دەبێت کە گەشتبنە ئەنجامێک کە ئەوبیروباوەڕەی ئەوانی لەسەرە پڕوپوچ وبەتاڵە ولەناخی خۆیاندا ئارەزووی بەرنامەیەکی فریادڕەسی وەک ئیسلام بکەن، دەبینیت کاتێک کە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) خوای گەورە وەک کۆتا پێغەمبەر هەڵیدەبژێرێت بۆ مرۆڤایەتی وڕەوانەی ناو گەلەکەی دەکات، ئەو

کاتـە قـورەیش وعـەرەب لـەو پـەڕی گـومڕایی وسەرلێشـێواویدا بـوون، زۆر ئارەزوومـەنـد وتینـووی نـور وڕوونـاکی پێغەمەبەرایـەتیان بـوون، هـەر بۆیـە دەبینیت خوای گەورە سەیری کرد سەر زەوی هەموو غەرقی جەهل ونـەزانین بوون، کەمێکی زۆر ئەهلی کتاب نەبێت، ئـەگینا هەمووڵایـەک تینووی رسـالەتی پێغەمبـەرێک بـوون، ئـەوبوو پـەروەردگار محمـد المصـطفی ڕەوانـەکرد تـاوەکو تینویەتی تەواوی خەڵکی بشکێنێت وببێت بە ڕەحمەت بۆ جیهانیان .

ئـەی وا نـەبوو مەگـەر شـەڕ ونـاکۆکی نێـوان ئـەوس وخـەزرەج ماوەیـەکی زۆری نەخایاند، شەڕێکی وەک ( بعاث ) کە پێنج ساڵ پێش کۆچی پێغەمبـەر ( صلی الله علیه وسلم ) بۆ مەدینە ڕوویدا لەنێوان هـەردووڵادا خـەڵکێکی زۆر لـە کوڕ وکاڵ وسەرەک هۆزی هـەردووڵا بـوون بـەقوربانی، بـەڵێ زۆر پێویسـتیان بەکەسێکی ئاشتی خوازی وەک محمدی کوڕی عەبدوڵڵا بوو تاوەکو ئاو بکات بەسـەر ئـەو شـەڕە درێژخایەنـەدا وخۆشەویسـتی وبرایـەتی بخاتـە نێوانیانـەوە، هەروابوو بەگەشتنی پێغەمبەری خوا ( صلی اللـه علیـه وسـلم ) برایـەتی خسـتە نێوان ئەو دوو هۆزە لەلایەک، وناوی نان ( الانصار ) وە برایەتی خستە نێوان مهاجر وئەنصارەکانیش لەلایەکی ترەوە .

بـەڵام ئەگـەر بانگـەواز لـە نێـوان خەڵکێکـدا سـەری هەڵـدا کـە سـەرخۆش ومەسـتی باطـل وگـومرایی بـوو بـوون وبەتـەمای پاشـەڕۆژێکی باشـیش بـن لەوخراپەکاریەی خۆیان، ئـەوا بـەرەو پێشـچوون وسـەرکەوتنی بانگـەواز لـەناو گەلێکی وادا بەسستی دەچێت بـەڕێوە، لەبـەر ئـەوەی خەڵکەکـەی زۆر بەشـەوق وزەوقن لەسـەر خراپەکاری خۆیـان وئامـادەن قوربانیشـی لـەپێناودا بـدەن، جا بۆیـە شـوێن وجێگایـەکی لـەو شـێوەیە پێویسـتی بـە بانگـەوازێک هەیـە کـە ڕووبـەڕووی ئـەو باطـل وخراپەکاریـە ببێتـەوە، ئـەویش بـە هـەموو جـۆرە

هۆکارێک ولەهەموو بوارەکانی ژیاندا، وەک ئەوە فەساد وخراپە کاریەی کە ئێستا جیهانی ئیسلامی وتەواوی دونیای گرتوەتەوە .

٤- ئەبێت بانگخواز ئومێدێکی گەورەی هەبێت بە پاشەڕۆژی بانگەوازەکەی وبەهیچ شێوەیەک تووشی بێتاقەتی وسارد بوونەوە نەبێت، چونکە ئومێد وهیوایەکی لەوجۆرە پاڵنەرێکی بەهێزن لەبەرەو پێشچوونی بانگەوازدا، هەروەک چۆن بێ تاقەتی وبێ هیوایی هۆکاری شکست ودواکەوتنی بانگەوازە، هەر لەبەر ئەوەیە دەبینیت خوای گەورە چەند دەرگایەکی زۆری لە هیواو وئومێد لەپێغەمبەری خودا کردەوە، وەک ئەوەی دەفەرموێت : ( **وذكـر فـإن الذكرى تنفع المؤمنين ) [ الـذاريات : ٥٥ ]** ، واتە : تۆ هەمیشە ئامۆژگاریان بکە وبیریان بخەرەوە، چونکە بەڕاستی ئامۆژگاری وبیرخستنەوە سوود بە ئیمانداران دەگەیەنێت .

یان دەفەرموێت : ( **هو الذي أرسلَ رسولَه بِالهدى ودينِ الحق ليظهره على الدين كلـه** .... ) **[ الفتح : ٢٨ ] .**

واتە : خوا ئەو زاتەیە کە پێغەمبەری خۆی ڕەوانەکردووە، هاوڕێ لەگەڵ ڕێنموونی وپەیامی ڕاست ودروستدا، بۆ ئەوەی زاڵی بکات بەسەر هەموو پەیام وبەرنامەیەکی تردا ..

یان دەفەرموێت : ( **تلك من أنباءِ الغيبِ نوحيها إليك ما كُنت تعلمها أنت ولا قومك من قبلِ هذا فاصبر إن العاقبةَ للمتقين** ) **[ هود : ٤٩ ] .**

واتە : ئەی محمد ئەو باسانەی کە بۆمان کردیت لەهەواڵ وبەسەر هاتە نادیار وغەیبەکانە کە بۆت دەنێرین، نەتۆ دەتزانی ونەهۆز ونەتەوەکشت پێش ئەم باسەی ئێمە، جا خۆگر وبەئارام بە، چونکە بەڕاستی پاشەڕۆژ بۆ خواناسان وپارێزکارانە .

ئەم ئایەتانەو زۆرێکی تریش کە هەموویان ئومێد وهیوابەخشن بە

پێغەمبـەری خـوا کـە بێتاقـەت نـەبێت وچـۆک دانـەدا لەبـەردەم بـت پەرسـت ونەیارانیـدا، پێـی ڕادەگەیـەنێت کـە بـەردەوام بێـت وخـەمی پاشـەڕۆژی نـەبێت ودڵنیا بێت کە عاقیبەت ودواڕۆژ هەر بۆ لەخواترسان ویەکتاپەرستانە.

سەرنج بدە لەو هیواو وئومێدەی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) کاتێک کە بەدڵی شکاوە لە طائف دەگەڕێتەوە، پاش ئەوەی کە بانگی کردن بۆ سـەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام وئـەوانیش ڕەدیـان کـردەوە وئەزیـەت وئـازارێکی زۆریشیان دا، لەکاتی گەڕانەوەیدا جوبرەئیل دەێت بۆلای وپێی دەڵێت خـوای گـەورە ئاگـاداری هـەموو ئـەو شـتانە بـوو کـە گـەل وهۆزەکـەت بەرامبـەرت کردیـان، ئێسـتا فریشـتەی چیاکـانی نـاردووە بـۆلات تـاوەکو فـەرمانی پێبکـەیت بەوەی خۆت دەتەوێت، پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دەفـەرموێت : **( فناداني ملك الجبال فسلم علي ثم قال : يامحمد ذلك فيما شئت أن أطبق عليهم الأخشبين، فقـال النبي (صلى الله عليه وسلم ) : " بل أرجو أن يخرج الله من أصلا م من يعبد الله وحده ولايشرك به شيئاً " .**

واتە : فریشتەی چیاکان بانگی کردم وسەلامی لێکردم وپاشان ووتی : ئەی محمد چیت دەوێ، ئەگـەر دەتـەوێت هـەر ئێسـتا ئـەو دوو چیـا ئـەدەم بەیەکدا لەسەر خەڵکی طائف، لەوەڵامدا پێغەمبەری بەسۆز ورحمة للعالمین فەرمووی : نـەخێر ئومێـدم وایـە خـوای گـەورە لەنـەوە وپشـتی ئەمانـە وەچـە ونەوەیـەک دروسـت بکـات ودەربهێنێـت کـە خـوای گـەورە بـەتاک وتـەنها وبـێ هـاوەڵ بپەرستن .

هەر وایە ئومێد وهیوا بوون لە کاروانی بانگەوازدا هۆکارێکی سـەرەکیە بـۆ سەرکەوتن وتێپەڕکردنی ڕۆژە ناخۆش ونەهامەتیەکان .

لەکۆتایـدا داواکـارین لـەخوای گـەورە بمـان گێڕێـت بـە بـانگخوازێکی سـەرکەوتوو بـۆ ئاینـە پیرۆزەکـەی تـاوەکو بتـوانین فـەرمان بکـەین بەچاکـە

وقەدەغە بکەین لەخراپە، وە لەخودا دەپاڕێینەوە کە سەرۆک ولێپرسراوی خێرخواز وچاکەخواز بۆ ئوممەتی ئیسلامی دەستەبەر بکات تاوەکو بتوانن حوکم بەهەق وڕاستی بکەن وکەسانێکی دادپەروەر وڕاستگۆ بن لەگەڵیاندا، هەر خوداش خوایەکی بەخشندە وسەخیە وشایستەی ئەوەیە کە سوپاسگوزاری بکرێت لەلایەن بەندەکانیەوە .

**سبحان ربك رب العزة عما يصفون**

**وسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين .**